## 18ی مارس له فنلاند، رۆژی پر ئیعتیراز به سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریکا ورۆژی دیفاع له دنیای موتەمەدین بوو!

ئەمرۆ کاتژمیری 3ی پاشنیوەرۆ سەدەها کەس له مارشی دژی سیاتی شەرخوازانەی ئەمەریکادا بەشداری ئاکسیۆنی کەمپینی دژی شەریان کرد کەلەویدا چەند نمایشیك سەبارەت به دەوری شەر لەمانەوەی ئەم سیستەمه له ژیان بۆ سەرمایەداران پیشکەش کران، چەندەها لافیته و پلاکاردی دژی شەر شاری هیلسینکی رازاندبۆوه ، دەنگی بەرزی ئازادیخوازان لەم رۆژەدا زەنگی هەنگاونانی بەرەو دنیایەکی نوی ئەدا به گویٚی خەلکیدا....
جگەلەوەی ژمارەی لافیته گەورەکان زۆر بوون ، چەندین شیعاری ( نا بۆ شەر) و شیعار و لافیتەی دژی ئەمەریکا ئەوترانەوه ،بەشداربوان به ریپیوان بۆ ماوەی سەعاتیك به دەوری مەرکەزی شاری هیلسینکیدا رۆیشتن .لەم نیوەدا کۆمیتەی تەشکیلاتی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران حیکمەتیست بەشداری چالاکانەی ئاکسیۆنەکەیان کرد و چەندەها نوسخه له راگەیاندنەکەی ریکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق بلاو کرانەوەو یەکیك له رۆژنامه زمان سویدییەکان چاوپیکەوتنیکی لەگەل (بنار موستەفا) کردو کەنالی چواری تەلەفزیۆنیش چاوپیکەوتنیکی لەگەل رەزای کەمانگەر ساز کرد ... و پاشان چەند کەس له ئەندامانی کۆمیتەی دژی شەر به پیشکەش کردنی قسەو باسەکانیان سیاسەتی داگیرکاری ئەمەریکایان مەحکوم.هەروەها لەلایەن (ئالا فەرەج)ەوە نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق و ریکخراوی ژنانی عیراق له فنلاند قسەوباسیکی پیشکەش کرد که تیایدا دەوری عەزیمی ئەم هیزەی ئەمرۆی باس کرد له نەجاتدانی خەلکی عیراقدا و هەموو ئەو سیاسەته شەرخوازییانەی ئەمەریکای له ژیرناوی کۆتاییهینان به تیرۆریزمی ئیسلامی و دامەزراندنی دیموکراسی له عیراقدا مەحکوم کرد و هەروەها ئیشارەیدا به کارکردی حکومەته گالتەجارییەکەی که لەلایەن ئەمەریکاوه بەسەر خەلکی عیراقدا فەرز کراوه بوه هۆی ئەم وەزعه مەینەتبارەی ئیستا ئەیبینین، نزیك بوونەوەی شەری تایەفی سونه و شیعه و ناسیۆنالیزم و دەوری سەرەکی سیاسەتەکانی ئەمریکا له پتەوکردنەوەی رۆلی ئیسلامی سیاسیدا باس لی کرد....
سەرەرای ئەوەی بەفریکی زۆر ئەباری لەکاتی ئاکسیۆنەکەدا ، بەلام ئاکسیۆنەکه دوو سەعاتی خایاند و به ووتنەوەی شیعارەکان کۆتایی هات...

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق_ کۆمیتەی فنلاند